# ئاراستەی ڕوانین

وەرگێڕانی: خدر ابراهیم

ئەڵمانیەکان چیرۆکێکیان هەیە کە ناوەرۆکەکەی بەو شێوەیەیە:
( ڕۆژێکیان پیاوێك هەستی بەوە کرد تەورەکەی بزربووە و دەمودەست گومانی چووە سەر دراوسێکەی. ماوەیەك چاودێری کردوو لەو ماوەیەدا چەندین شتی بۆ دەرکەوت کە پێشتر نەیدیبوون! هەستی بەوە کرد کە دراوسێکەی وەك کەسێکی گوماناوی ڕەفتاردەکاتو کاروبارەکانیشی بەنهێنی دێتەبەرچاو.
ئەو پیاوە ، کە تا ئەو کاتە هەستی بە تایبەتمەندیەکانی دراوسێکەی نەکردبوو ، کەوتە سەرسامیو لەوە دڵنیابوو کە دراوسێکەی بەوشێوە ژیانو هەڵسوکەوتەی دیار دەبێت هەر ئەویش تەورەکەی دزیبێت ! بۆیە بەوپەری دڵنیایەوە جلوبەرگی پۆشی تا بچێتە لای "دادوەر" و شکات لە دراوسێکەی بکات.
لەوکاتەدا هاوسەری پیاوەکە هاتەوەو دەرکەوت کە هاوسەرەکەی تەورەکەی جێگۆرکێ پێکردووە و لەشوێنێکی تری داناوە ، دراوسێکەشیان گوناهێکی نیە.
جارێکی تر پیاوەکە کەوتەوە سەرنجدان لەشێوەی هەڵسوکەوتو ڕەفتاری دراوسێکەییو بەوەی زانی کە کەسێکی تابلێی بێتاوانو بەشکۆیە. کاری بەسەر هیچەوە نیەو هێندە نەجیبە کە قەت ڕێیتێناچێت دزی لەکەسێك بکاتو کاری ناقوڵا ئەنجامبدات).
لەراستیدا ئەوە ئاراستەی هەڵەی ڕوانینی پیاوەکەبوو کەوای لەدراوسێکەی کردبوو بۆ بوونەوەرێکی خاوەن چەندین دەم و چاو بگۆڕێت!
چەندکەسی وەها دەناسیت بەچەشنی ئەو دراوسێیە تەنها لەبەر ئاراستەیەکی هەڵەی ڕوانیندا، بووبنە قوربانی سەدان گومانی تاوانبارکردنو سوکایەتی پێکردن. پاشان بەتێپەڕینی کات دەرکەوتبێت تەنها ڕوانینێکی هەڵەبووە دیمەنگەلێکی هەڵەئامێزی ئاوای لێکەوتۆتەوە.
ئەوکەسەی لەراستگۆیی هاوسەرەکەی دڵنیانیەو لەپەناو پەسیوی قسەکانیدا بریسکی چاویو شێوەی گفتاریدا شتێکی گوماناویو ئازارهێن دەبینێت ، لەروانیندا هاوسەرەکەی دەکاتە شایستەی هەزار قسەگەلی نەشیاو !
پاشان کاتێك بەپاکیزەییو بێتاوانی هاوسەرەکەی دەزانێت، تەنها شتێکی بۆ دەمێنێتەوە، ئەویش شەرمەزاربوونو پەنابردنیەتی بۆ وشەیەکی دووپاتکراوە کە دەڵێت :
" بمبەخشە"
کەسێکی تر لای خاوەن کارەکەی بەردەوام بەخراپی سەبارەت بە هاوکارێکی نزیکی قسەدەکاو کۆمەڵێك بەڵگەو شایەتحاڵی شیاوو جێ باوەر کۆدەکاتەوە، دەیسەلمێنێت کە ئەو هاوکارەی دژی هەمووانەو شایستەی وریاکردنەوەو تەمێکردن و تەنانەت دەرکردنیشە.
لەپاشان کە پەردەکان لادەچنو راستگۆیی گفتارو کرداری هاوکارە نزیکەکەی دەردەکەوێت ، ئەو هەڵوێستەی خۆی تەنها بە " خراپ لێکگەیشتنێکی بچووكو ئاراستەیەکی هەڵەی ڕوانین" لێکدەداتەوە. پاشان سەرلەنوێ چیرۆکێ " وەدەستهێنانەوەی ڕەزامەندی هاوکارە دڵشکاوەکە" دووپاتدەبێتەوە.
باوكو دایکی کورێکی گەنج ، بە چەند خولەکێك وەدرەنگکەوتن یان کاتژمێرێك شەونخوونیکردنی ئەو گەنجە ، هەزارو یەك بیرو خەیاڵ لەمێشکی خۆیاندا دێننو دەبەن ، بەدزیەوە هەوڵدەدەن سەر لەوکارە دەربکەن . لەکاتی نا غافڵدا بەسەریاندا دەچنو دەیانەوێت بە قسەی خۆیان ئەو گەنجە غافڵگیربکەن.
کەچی پەی بە ئاراستەی هەڵەی ڕوانینیان



دەبەن و بۆیان دەردەکەوێت فەزای فیکری گەنجی ناوبراو لەزەمینەوە تا ئاسمان لەگەڵ گومانەکانی ئەواندا لێکدووربووە.

ئاراستەی هەڵەی روانین لە هەرچرکەیەکدا هەزاران کەس دەخاتە بەردەم مەترسی هەزاران تاوانی نەکردەو، ئەو چەند ساتەی کە دەتوانرێت پڕ لەخۆشەویستی‌و عیشق‌و نەرموونیانی بکرێت بە چەند ساتێکی پڕ لە ئازاری لێپرسینەوەو چاودێری ئاشکراو نهێنی دەگۆڕێت.

دیوارەکانی باوەرپێبوون‌و دڵنیایی بەیەك ئاراستەی هەڵەی روانین درزدەبات‌و ئەو چەند ساتەی لەتوانادابوو گەرم‌وگوری‌و نەرم‌ونیانی‌و هاودەمی تیابرەخسێت، لەنێو فەزای ساردو سری تەنیابوون‌و خامۆشبوون‌و دوورە پەرێزکەوتندا بەسەردەچێت‌و لەنێودەچێت.

ئاراستەی روانینی هەرکەسێك تایبەتمەندترین دارایی ئەو کەسەیەو ناتوانرێت تێکرای روانینەکان بە ئاراستەی باوەرپێبوون‌و دڵنیایی‌و خۆشەویستی رێنوێنیبکرێن. بەڵام لانیکەم دەتوانرێت روانینەکان لە ئاراستەی ئەندێشەی نەخوازراوو ئازارهێنەکانەوە وەرسوڕێنرێن‌و بەرەو خۆشەویستی‌و لێبوردەیی‌و لەبیربردنەوەو چاوپۆشین لەهەلە ببرێت.

کاتێك روانینەکان روو لە روناکی بن. ئەوەی بەرامبەرمان بووەستێت، بێئەوەی بەخۆمان بزانین ئاراستەی روانینەکانمان رێنویدەکات. کاتێك روناکیەکەش دابخەین تارمای دوودڵی بۆ هەمیشە دڵ‌وچاوی ئەو دادەپۆشێت. لەوە بەدواوە بێگوێدان بە ئاراستەی روانینی ئەوانیدی، ئاراستەی روانینی خۆمان بەرەو رۆشنایی وەرسوڕێنین. لەوەش دڵنیابین کە تەنها لە رێی بەپاکی بینینی ئەوانیدیەوە دەتوانین دڵپاکی‌وکردەوەی چاك لە نێو جیهاندا بڵاوبکەینەوە.

**پۆزش**

لە ژمارە ١١ی گۆڤارەکەمان لەمیانەی دیمانەیێك لەگەڵ خاتوو رۆژ هەڵەبجەیی، لە پرسیارێکدا کە رووبەرووی بەرێزیان کرابوو، جۆرێك لەیەکنەگەیشتن روویدابوو، کە ئەو شاعیرە خۆشەویستە بۆخۆشی و لەخانەی گاڵتەکردنەوە چەند قسەیەکی کردبوو، کوێستانیش ئەو ئاخاوتنانەی دابەزاندبوو، بۆیە داوای لێبوردن لەو خاتوونەو بنەماڵە بەرێزەکەیان دەکەین، کە دڵنیاین بەسنگ فراوانی و لێبوردەیی خۆیانمان دەسپێرن.